# «پرۆژەی دەستوور و سیستەمی سیاسی»



وتووێژ لەگەڵ پ. د. شێرزاد نەجار،

مامۆستای زانستە سیاسییەکان و یاسای دەستووری
لە زانکۆی سەڵاحەددین ـ هەولێر

**1- لەسەر یەک پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان چۆن دەنرخێنن؟**

هەرهەنگاوێک بەرەو رێکخستنی کۆمەڵگە و دامودەزگا سیاسییەکانی بەهەند وەردەگیرێت و گرنگیی خۆی هەیە، چونکە بۆ پێشکەوتنی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی زۆر پێویستە. دەستووریش گرنگترین هەنگاوە لەم بوارەدا، چونکە دەستوور بە شێوەیەکی سەرەکی پراکتیزەکردنی دەسەلات لە دەوڵەتدا رێکدەخات. بەم شێوەیە، سنووری دەسەڵاتەکان دیاردەکات و لەهەمان کاتیشدا مافی هاووڵاتیان دەستنیشان دەکات، هاوکات زەمانەتی ئەم مافانەش روونەدکاتەوە.

لەم روانگەیەوە، پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان – عێراق بە شێوەیەکی ئەرێنییانە دەنرخێنین، چونکە دۆخی یاسایی و سیاسیی هەرێم رێکدەخات و مافی هاووڵاتیان بەشێوەیەکی باش دەستنیشان دەکات. واتە ئەم پرۆژەیە پێویستییەکی بابەتیانە بوو بۆ ئەوەی هەرێم بەرەو سەقامگیریی دەستووریی یاسایی بڕوات.

**2- ماددەی 1ی پرۆژەکە بەم چەشنە باس لە سیستەمی سیاسیی هەرێمی کوردستان دەکات. (کوردستان – عێراق هەرێمێکە لەنێو دەوڵەتی عێراقی فیدراڵیدا، سیستەمە سیاسییەکەی پەرلەمانی، کۆماری و دیموکراتییە و پشت بە فرەلایەنیی سیاسی و بنەمای لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و دەستاودەستکردنی ئاشتیخوازانەی دەسەڵات لە ڕێگەی هەڵبژاردنی گشتیی ڕاستەوخۆی نهێنی و دەورییەوە دەبەستێ.) شیکردنەوەت بۆ ئەمە چییە؟**

ئەم ماددەیە زۆر گرنگە، چونکە پێگەی هەرێمی کوردستان – عیراق لە ناو دەوڵەتی عێراقدا کە سیمای فیدراڵی لەخۆگرتووە، دەستنیشاندەکات و هەرێمی کوردستان – عێراق وەک هەرێمەکی فیدراڵیی خۆی رێکدەخات و ئەمەش گرنگیی خۆی لە دەستنیشانکردنی پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتی فیدراڵیدا هەیە. بەم شێوەیە، سیمای هەرێمی کوردستان- عیراق وەک کیانەکی سیاسی – دەستوری رێکخراوە و ئەم سیمایە بریتییە لە:

- سیستەمی سیاسی لە هەرێم، سیستەمەکی پەرلەمانی، کۆماری و دیموکراسییە
- پرنسیپی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان پەیرەو دەکرێت
- پرنسیپی فرەلایەنیی سیاسی پەیرەو دەکرێت
- پرنسیپی (هەڵبژاردن) بۆ وەرگرتنی دەسەڵات بەشێوەیەکی ئاشتییانە پەیرەو دەکرێت

**ئەم پرنسیپانە هی کیانەکی دیموکراتییە و هەمان پرنسیپن کە لەدەوڵەتەکی دیموکراتیدا پەیڕەو دەکرێن.**

بەڵام لێرەدا دەبێ جەخت لەسەر ئەوە بکرێت، مەرج نییە ئەم پرنسیپانە کە لەدەستووردا تۆمار کراون، لە پراکتیزکردندا بەهەمان ئاست بەرجەستە بکرێن. واتە گرنگ ئەوەیە، ئەم پرنسیپانە لە پانتای پراکتیزەکردندا رۆڵی هەبێت. بەپێچەوانەوە ئەگەر ئەم پرنسیپانە رۆڵیان لە ژیانی سیاسیدا نەبێت، دەستوور وەک پرۆفیسۆر (موریس دوفرجیه) دەڵێت: دەبێتە (دەستوور – پرۆگرام) نەک (دەستوور – یاسا)، بۆیە زۆر گرنگە بۆ هەرێم، دستوور (پاش پەسندکردنی لەلایەن میللەتەوە) لە ژیانی سیاسی هەرێمدا رۆڵەکی چالاکی هەبێت و ئەم ژیانە سیاسییە لە هەرێم لە رێگەی دەستوورەوە رێکبخرێت.

بۆیە ئەم ماددەیە (ماددەی (1) لە پرۆژەی دەستووری هەرێم) دەکرێت وەک (رێگانیشاندەر) واتە وەک (دلیل) بۆ سیستەمی سیاسی لە هەرێمی کوردستان – عێراق هەژمار بکرێت و لێرەدا گرنگیی خۆی هەیە.

### 3. پەرلەمانی و سەرۆکایەتی، ئەم دوو دیاردەیە لە کردەوەدا دەبێ چۆن رەفتار بکەن؟

لە راستیدا، پەرلەمان و سەرۆکایەتیی هەرێم، دوو دامەزراوەی سەرەکینە لە کیانی سیاسیی هەرێمی کوردستان – عێراق، بۆیە دەبێ رەفتاریان لە چوارچێوەی دەستووردا بێت.

پەرلەمانی هەرێم لە پرۆژەی دەستوور لە ماددەکانی 40 تا 58 و سەرۆکایەتیی هەرێمیش لە ماددەکانی 60 تا 68 رێکخراون.

**جۆری پەیوەندی لە نێوان هەردوولا، بەپێی ماددەی 65ی پرۆژەی دەستوور بەم شێوەیە:**

- پێشنیارکردنی یاساکان
- دەرکردنی یاساکان کە لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەند کراون
- دەرکردنی مەراسیم بۆ هەڵبژاردن
- دەرکردنی مەرسوومێک بۆ بانگێشتکردنی پەرلەمان بۆ یەکەم دانیشتنی خولی کۆبوونەوەی خولی هەڵبژاردن لە ماوەی **15** رۆژدا
- دەرکردنی مەرسوومێک بۆ هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان
- دەرکردنی (مراسیم بقوة القانون) واتە مەراسیم کە هێزی یاسایی هەیە
- راسپاردنی پاڵێوراوی ئەو فراکسیۆنەی زۆرترین ژمارەی بۆ پێکهێنانی وەزارەت هەیە.
- دەرکردنی مەرسووم لەسەر دەستلەکارکێشانی وەزارەت.

**ئەمانە ئەرکی گەورە و گرانن، بۆیە زۆر پێویستی بەهەماهەنگی هەیە، بە شێوەیەک سیستەمی سیاسیی هەرێم لە قەیران دووردەکاتەوە.**

### 4ـ ئایا لە پرۆژەی دەستووری هەرێمدا، سەرۆکی هەرێم لە بەرامبەر پەرلەماندا وڵامدەرەوەیە؟

بەپێی ماددەی (58)ی پرۆژەی دەستووری هەرێم، سەرۆکی هەرێم بەشێک لە دەسەڵاتی جێبەجێکردنە، بۆیە بەپێی ماددەی 65 (برگەی 11) سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران دەکات، هەروەها پاش بانگێشتکردن بۆ کۆبوونەوەیەکی نائاسایی و بەپێی ماددەی 53 (برگەی 6) دەسەڵاتی یاسادانان، چاودێری کارەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەکات، واتە چاودێری دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێم دەکات (وەک بەشێک لەدەسەڵاتی جێبەجێکردن)، لێرەدا مەسەلەیەکی گرنگ دێتە پێشەوە، ئەویش ئەو دەسەڵاتەیە کە بەپێی ماددەی 53 (برگەی 4) بە پەرلەمان دراوە، کە بریتییە لە: "گرتنەبەری رێکاری تۆمەتبارکردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، یان جێگرەکەی بەرەزامەندی

دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان لەسەر بنەمای شکاندنی سوێندی دەستووری، یان پێشێلکردنێکی سامناکی دەستوور، یان خیانەتی گەورە."

ئەمە ئەوە دەگەیێنێ، کەوا سەرۆکی هەرێم لە جێبەجێکردنی کارەکانی دەستووریدا دەبێ ڕەچاوی ئەم دوو ماددەیە بکات.

**5ـ لەم سیستەمە سیاسییەی ئێمەدا کە سەرۆک لە لایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێت، چ کارتێکەرییەک لەسەر سروشتی سیستەمەکە دادەنێت؟**

هیچ کاریگەرییەکی (فعلي) لەسەر سروشتی سیستەمی سیاسیدا نییە، واتە هەڵبژاردنی سەرۆکی دەوڵەت یان هەرێم لەلایەن پەرلەمان یان لەلایەن میللەتەوە، سروشتی سیستەمی سیاسی ناگۆڕێت، چونکە ئەم سروشتە پەیوەندی بەو دەسەڵاتەوە هەیە، کە لە ناو دەستووردا بە سەرۆکی هەرێم دراوە. ئەم دەسەڵاتە وەک ئاشکرایە، لە سیستەمی سەرۆکایەتیدا جیاوازە لەو دەسەڵاتە، کە لە سیستەمی پەرلەمانی یان نیمچە پەرلەمانیدا هەیە.

بۆ نموونە: هەردوو سیستەمی سیاسی لە ئەڵمانیا و لە نەمسا، سیستەمی پەرلەمانین و زۆر لەیەکتر دەچن، بەڵام سەرۆکی ئەڵمانیا لەلایەن پەرلەمانەوە هەڵدەبژێردرێت و سەرۆکی نەمسا لەلایەن میللەتەوە هەڵدەبژێردرێت، بەڵام ئەمە هیچ کاریگەریی لەسەر سروشتی سیستەمی سیاسی لە نەمسا و ئەڵمانیادا نەبووە و پێگەی هەردوو سەرۆک وەک یەکن و ئەرکیان تەنیا ئەرکی سیمبۆلییە (ئەرکی رەمزیە).

**لە هەرێمی کوردستان – عێراق، سەرۆکی هەرێم لەلایەن میللەتەوە هەڵبژێردراوە، بەڵام ئەمە کاریگەر نییە لەسەر سروشتی سیستەمی سیاسی لە هەرێم، کە بەپێی ماددەی (1)ی پڕۆژەی دەستوور، سیستەمەکی پەرلەمانییە.**

**6. ئەم سیستەمەی ئێمە لە کام سیستەمی سیاسی نزیکە یان وێکچووە؟**

وەک لە ماددەی 1ی پڕۆژەی دەستووری هەرێمدا هاتووە، سیستەمی سیاسی لە هەرێمی کوردستان – عیراق، سیستەمەکی پەرلەمانییە، بەو مانایەیە، پەرلەمان بەرزترین دەسەڵاتە لە هەرێم، کە ئەرکی یاسادانان و چاودێریکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە.

وەک روونە، لە سیستەمی پەرلەمانیدا، سەرۆکی دەوڵەت ئەرکەکانی زیاتر سیمبۆلیی و پرۆتۆکۆلییە و لە کاتی پێویست و حاڵەتی (الضرورة)دا چەند دەسەڵاتی هەیە، کە بەکاریدەهێنێت، وەک هەڵوەشاندنی پەرلەمان و راگەیاندنی دۆخی نائاسایی (حالة الطوارئ).

وێڕای ئەمە، تێبینی دەکرێت لە هەرێم، سەرۆکی هەرێم دەسەڵاتی هەیە کە سەرۆک لە سیستەمی پەرلەمانیدا نییەتی، بەتایبەتی ئەو دەسەڵاتانە کە پەیوەندیان بەهێزی چەکدارەوە (القوات المسلحة) هەیە، وەک چۆن لە ماددەی 65 (برگەی 12)ی پڕۆژەی دەستووردا هاتووە: "ڕێگەدان بەهاتنی بەشێک لە هێزە چەکدارە فیدراڵییەکان بۆ کوردستان – عیراق لە کاتی پێویستدا، ئەویش پاش وەرگرتنی رەزامەندیی پەرلەمانی کوردستان – عیراق لەسەر هاتنە ژوورەوەی ئەم هێزانە لەگەڵ دیارکردنی ئەرک، فەرمانیان، جێگە و ماوەی مانەوەیان لە هەرێمدا" و برگەی 13 دەڵێت: "ناردنی هێزەکانی پێشمەرگە (پاسەوانی هەرێم) یان هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بۆ دەرەوەی هەرێم بەڕەزامەندیی پەرلەمان."

ئەم دەسەڵاتە گرفتی تێدایە، چونکە سروشتی سیستەمیسیاسیی هەرێمی کوردستان – عێراق نزیک دەکاتەوە لە سیستەمی سیاسیی نیمچە پەرلەمانی (نظام شبه برلماني) و نیمچە سەرۆکایەتی (نظام شبه رئاسي) بەکورتیی ئەمە روونکردنەوەیەک بوو، سەبارەت بە پۆلێنکردنی سیستەمە سیاسییەکانە.